ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd ISSN: 2520- 4106 هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، گۆڤارێكی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەكادیمیای كوردییەوە دەردەكرێت و بایەخ بە توێژینەوەی كوردی لە بوارەكانی زمان، ئەدەب، دیرۆك، جوگرافیا و كولتووریی كوردی دەدات.

گۆڤارەكە توێژینەوەكان بە زمانەكانی كوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەكاتەوە و یەكەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حكوومەتی هەرێمی كوردستانەوە، بۆ بەرزكردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێكراوە.


* ڕێكخەری كاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

* دیزاین: هەرێم عوسمان

* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی:

Web: journal.ka.gov.krd



* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/١٥
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی(عەتا محەمەد)دا

پ.ی.م. ناهیدە حسێن عبدالرحمن
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
nahida-barzinji@uor.edu.krd

پ.د. فوئاد ڕەشید احمد
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
Fuad.mohammd@su.edu.krd

پوختە

پاراتێکست چەمکێکی ڕەخنەیە، لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگری فەڕەنسییەوە(جیرار جینێت)، بەکارهاتووە و پەرەی پێدراوە. سەرجەم ئەو توخمانە دەگرێتەوە، کە دەوری دەقێک دەدەن و لە چوارچێوەی کتێبێکدا، پێشکەش بە خوێنەر دەکرێن. وەکو: ناوی نووسەر، ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی ناوخۆیی، بەرۆکی دەق، پێشەکی، پێشکەشکردن، پەراوێزەکان. بۆیە؛ توخمەکانی پاراتێکست ڕۆڵ و گرنگی خۆیان هەیە، لە ناساندن و ئاشنا بوونی خوێنەر بە دەقەوە و هیچ بەرهەمێک ناتوانێت بە بێ توخمەکانی پاراتێکست، ببێت بە کتێب و پێشکەش بە خوێنەر بکرێت. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد)دا، هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی بەرۆکی دەق و پراکتیزە کردنی، بە پێی تێڕوانینی (جیرار جینێت) بۆ چەمکی پاراتێکست، بە ئامانجی خستنە ڕووی ئەرک و گرنگی پاراتێکستی بەرۆکی دەق، کە هەر لە سەرەتاوە بیرۆکەیەک دەربارەی ناوەڕۆک و پەیامی دەق، بە خوێنەر دەبەخشێت.

کلیلە وشەکان: پاراتێکست، بەرۆکی دەق، ڕۆمان، ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، عەتا محەمەد.

## پیشەکی

لە توێژینەوە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، سەرنجەکان تەنیا لەسەر دەق نین، بەڵکو سەرباری دەق، گرنگییەکی زۆر بە دەوروبەری دەق دەدرێت، کە بە (پاراتێکست) ناسراوە. لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، سەرنجیان خستە سەر پاراتێکستەکانی دەق و هەوڵی شیکردنەوەی توخمەکانیان داوە. ئەگەر بمانەوێت پێداچوونەوە بە مێژووی زاراوەی (پاراتێکست)دا بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نووسەرانی پێش (جیرار جینێت)، وەکو: (میشێل فۆکۆ، دۆشی، ج. دێریدا..) کە ئەم زاراوەیەیان بەکارهێناوە. ئەگەرچی کتێبێکی تەواویان بۆ تەرخان نەکردووە، یان بە شێوەیەکی ورد و تەواو ئاماژەیان پێ نەداوە و تایبەتمەندییەکانیان نەخستووەتە ڕوو، بەڵکو تەنیا لە چوارچێوەی وتار و لێرە و لەوێ بەکاریان هێناوە و قسەیان لە بارەوە کردووە. واتا ئاماژەکانی پێشوو، بریتی بوون لە بوونی چەند تێبینییەکی خێرا و ئاماژەدان بە بابەتەکە، بەڵام (جیرار جینێت) لە ساڵی ١٩٨٧ز کتێبی(Seuils) تایبەت کرد بە لێکۆڵینەوە لە پاراتێکست و زیاتر پەرەی بە چەمکەکە داوە و توخمەکانی ڕوون کردووەتەوە. لە ڕاستیدا ناتوانین دەق بناسینەوە و ناوی بنێین، ئەگەر پاراتێکستەکانی ئامادەییان نەبێت، بە دەگمەنیش دەقێک هەبێت، خاڵی بێت لە پاراتێکستی درکاو یان بینراو و دەربکەوێت، وەکو: ناوی نووسەر، ناونیشان، ناونیشانی لاوەکی، پێشکەشکردن، دەستپێکردن، بەرۆکی دەق، لاپەڕەی بەرگ. کەواتا پاراتێکست دالانێکە ڕێگە بە هەمووومان دەدات لێیەوە بچینە ژوورەوە بۆ ناو دەق و لێیشی بێینە دەرەوە. ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد)دا، بە مەبەستی خستنە ڕووی گرنگی و ئەرکی پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا. هەروەها بە گەڕان و سەرنجدان لە کارەکانی پێشوو، ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر (پاراتێکستی بەرۆکی دەق) بە زمانی کوردی نەکراوە، تەنیا (ملکۆ ئەحمەد)لە ژمارە(٢٨٣/ ٢٨٤)ی گۆڤاری (ڕامان ٢٠٢١)، لە ژێر ناونیشانی (پاراتێکست لە کۆشیعری سووتانی بەفر)دا توێژینەوەیەکی بڵاو کردووەتەوە، ئەمەش تایبەتە بە شیعر و تەنیا کار لەسەر توخمی (ناونیشان)کراوە. سنووری توێژینەوەکە: سنووری توێژینەوەکە، لە چوارچێوەی چەمکی پاراتێکستدایە، تەنیا لەو ڕۆمانانەی (عەتا محەمەد)دا، کە پاراتێکستی بەرۆکی دەقی تێدا ئامادەیە و تا ساڵی٢٠٢١ز چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەوانیش لە کۆی دوازدە ڕۆمان، تەنیا چوار ڕۆمان دەگرێتەوە، کە بریتیین لەمانە: ١-خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت ٢- ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک ٣-ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان ٤- پاسەوانانی خودا. میتۆدی توێژینەوەکە، لە ناو بازنەی(شیعرییەتی دەق) دایە، بە تایبەتی بە پێی دیدو تێڕوانینی (جیرار جینێت) بۆ چەمکی پاراتێکست. لەم گۆشە نیگایەوە ئەرک و گرنگی توخمی (بەرۆکی دەق) وەرگیراوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە. ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە پاراتێکستی بەرۆکی دەق، تا چەند دەتوانێت ئەو ڕۆڵ و گرنگییە بگێڕێت، کە(جیررا جینێت) باسی کردووە؟ هاوکات پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی(عەتا محەمەد)دا، تا چەند توانیویەتی زانیارییەک لە سەر ناوەڕۆکی دەق ببەخشێت و ئاسۆی پێشبینی کردنی خوێنەر ئاراستە بکات؟ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، لەلایەک ناساندنی چەمکی پاراتێکستە، بە پێی تیۆری (جیرار جینێت) و

خستنە ڕووی ئەرک و گرنگی پاراتێکستی بەرۆکی دەقە، لە لایەکی دیکەوە دەرخستنی پەیوەندی نێوان دەق و پاراتێکستی بەرۆکی دەقە، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد دا. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی، پاراتێکست لە ڕووی زمانەوانیی و چەمکەوە خراوەتە ڕوو. لە تەوەری دووەمیشدا چەمکی پاراتێکستی بەرۆکی دەق، ڕوون کراوەتەوە، لەگەڵ پراکتیزە کردنی لەچوارچێوەی ڕۆمانەکانی عەتا محەمەد دا. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و پاشان لیستی ناوی سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

تەوەری یەکەم: پاراتێکست، زاراوە و ناساندن.

١-١: پاراتێکست لە ڕووی زمانەوە

وشەی پاراتێکست(Paratexte) لەلایەن نوسەر و ڕەخنەگری فەرەنسییەوە)جیرار جینێت( بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیە لە ڕووی پێکهاتنەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە. پێشگری (para) لە بنەڕەتدا یۆنانییە، بە واتای ئەمانە دێت: )هاوتەریب، هاوشێوە، وەکو یەک، دەوروبەر، تەنیشت، هاوڕێ.. هتد( (texte) یش واتا دەق، بە کۆکردنەوەی ئەم دوو وشەیە، چەمکی (Paratexte) پێکدێت. (زاوي٢٠٠٥: ٢٨-٢٩). لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە، پێشگری(para) ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە هەمان کاتدا پێچەوانەی یەکترن. لەوانە بە بۆچوونی (ج. هیلیس میلەر( پێشگر (para)) هەڵگری واتای دژیەکە؛ چونکە لە هەمان کاتدا واتای نزیکی و دووریش دەبەخشێت، یان ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەها لێکچوون و جیاوازیش، وەک ئەو ڕوو پۆشە تەنک و ڕوونە وایە، کە ناوەوە و دەرەوەی خۆی بەیەکەوە دەبەستێت و جۆرێک لە ئاوێتە بوون دروست دەکات، کە ڕێگە بە دەرەوە دەدات بچێتە ناوەوە، بە هەمان شێوە ناوەوەش بێتە دەرەوە، هەم سنووری جیاکەرەوەی نێوانیانە، هەمیش ئامرازی بەیەکەوە بەستنیان (بلعاد ٢٠٠٨: ٤٢).

لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕەخنەگرانی عەرەب، لەسەر دانانی ناوێکی دیاریکراو بۆ ئەم زاراوەیە کۆک نین، بەڵکو چەندین وەرگێڕانی جیاوازیان بۆ زاراوەی (Paratexte)ی فەرەنسییەکە کردووە، وەکو: (عتبات النص، النصوص المصاحبة، المكملات، النصوص الموازية..) (زاوي ٢٠٠٥: ٢٤). (ئاستانەکانی دەق، هاوڕێی دەقی، تەواوکەر، دەقی هاوتەریب)، لە فەرهەنگی (معجم السرديات)ی عەرەبیدا بەرامبەر بە زاراوەی (paratexte= نص مصاحب، نص موازٍ) بەکارهاتووە. (القاضي :٢٠١٠، ٤٦١،٤٦٢)، بەڵام (محمد بنيس) تا ڕادەیەکی زۆر لە مەبەستی سەرەکی زاراوەکە نزیک بووەتەوە و بە(النص الموازي/ دەقی هاوتەریب) ناوی دەبات. (بنيس١٩٨٩: ٧٦). بەڵام ڕەخنەگرانی عەرەب هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە زاراوەی (پاراتێکست)، ئەوەیە کاتێک بەرهەمێک دەنووسرێت، (کتێب، ڕۆمان، چیرۆک، کۆمەڵە شیعر، شانۆنامە..)، ئەم توخمانە دەبنە هاوتەریب یان هاوڕێی دەق و دەقەکە تەواو دەکەن، وەکو: (پێشەکی، ناونیشان، ناونیشانە ناوخۆییەکان، پێشکەشکردن، وێنەی بەرگ و چەند توخمێکی دیکە، کە لەسەر ئەم ناوچەیەی لاپەڕەکەدا بڵاو بونەتەوە، وەکو: ناوی نووسەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی بڵاوکردنەوەو شێوە ئەندازەییەکانی دیکە وەکو وێنە، ڕەنگ و جۆرو قەبارەی فۆنتەکان) (زاوي :٢٠٠٥، ٣٣). لە زمانی تورکیداو لە توێژینەوە ڕەخنەییەکانیاندا زاراوەی (Yanmetin) واتا (نزیک لە دەق) بەکاردێت. (Ekinci 2023:5) لە زمانی

فارسیدا (پیرامتن) بەکاردێت. (مطلق ١٣٨٦: ٢٢)، کە (بریتییە لە سنوور، ناوچە یان ڕێڕەوێک، کە ئەگەری وەستان لە ناو دەق یان گەڕانەوە بۆ دەق و تێگەیشتن لێی و ناساندنی ئاسان دەکات، ئەم ناوچە شاراوە و پێناسە نەکراوەی لە نێوان ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەق، ناوچەیەکی بێ سنورەو کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی خوێندنەوە هەیە)(هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە زمانی کوردیدا بە سەرنجدان لە چەند سەرچاوەیەک، دەبینن ئەم زاراوەیە بە ەەند فۆرم و واتایەک بەکار هاتووە، لەوانە: (-Pa ratexte = ئەوپەڕدەقی) (بابایی ٢٠٠٥: ٣٢٠). (paratexte = ئەودیو دەق، پەڕدەق) (سەجادی ٢٠٢٢: ٣٣٨) هەروەها (محەمەد مەنتک) پێشنیار دەکات، کە بۆ زاراوەی paratexte)) (دەقە پێوەند دارەکان)ی بۆ بەکاربهێنرێت. (مەنتک ٢٠١٧:٤٥). لە ەەرهەنگی (کلیلدان)یش بەرامبەر بە زاراوەی (-pa ratext) وشەکانی (دەقی هاوتا، هاو دەق، ئاستانەی دەق، پاراتێکست) بەکارهاتووە، هاوکات لە هەمان فەرهەنگدا بەم شێوەیە ئاماژە بە واتای زاراوەی پاراتێکست کراوە، (کۆی ئەو دەرهاویشتانەن کە دەوری دەق دەدەن، ناوی دەنێن، دەیپارێزن، داکۆکیی لێ دەکەن، لە شتی تر جیای دەکەنەوە، پێگەی دیاری دەکەن، خوێنەر هان دەدەن لێی نزیک ببێتەوە.) (بەرزنجی ٢٠٢٤:١٧٧). هەروەها (حسێن لەتیف) لە کتێبی (تیۆری دەقئاوێزانی ئەدەبی)، زاراوەکانی (هاودەقی، هاوماڵیکردن)ی بەکارهێناوە. (لەتیف ٢٠١٦:٤١). هەر لەم بارەیەوە (سەرباز مەجید خۆشناو) دەڵێت: ((بێراییەکان بەرامبەر بە (عتبات)ی عەرەبی دێت، لە کوردیدا (دەرازینگ)یشی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە زاراوەی (بێرایی)مان پێ گونجاوتر بوو، چونکە مەودایەکی بەرفراوانتری هەیە، وەک چەمک هەموو ئەو دەقە هاوسەنگانە دەگرێتەوە، کە جیرار جینێت ئاماژەیان پێدەکات لە دەرەوەی مەتن دان و دەق هاوسەنگ دەکەن، وەک ناونیشانەکان، پێشەکی، پەراوێز، بەرگ، دەروازە.)) (خۆشناو ٢٠١٩: ٤٤). هەروەها (ئەنوەر قادر محەمەد)، بەرامبەر بە زاراوەی (-Para texte)، (پێداویستییەکانی تێکست)ی بەکار هێناوە. (محەمەد :٢٠١٨، ٣٣٧). (سامان جەلال عەزیز)یش لە نامەی دکتۆراکەیدا، بە هەمان شێوە بەرامبەر بە زاراوەی Paratexte)، (پێداویستییەکانی دەق) ی بەکار هێناوە. (عەزیز ٢٠١٤:٨٠) (ملکۆ ئەحمەد) یش دەڵێت: ((ئێمە دەتوانین لە کوردیدا، یان هەر زاراوەکە وەک خۆی وەرگرین (پاراتێکست) یان ئەم زاراوانەی بۆ دابنێین: دەقی هاوتەریب، هاودەق، هاوتێکست، پشتدەق، پاشکۆدەق)) (ئەحمەد :٢٠٢١، ٨٣). ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هەموو ئەو زاراوانە، لە ڕووی واتاسازییەوە تەواو نزیکن لە یەکترییەوە، لەگەڵ هەموو ئەم زاراوانەشدا لە زمانی کوردیدا، دەکرێت زاراوەکانی (هاوشانی تێکست، یاخود دەقهاوشانی) بەکاربهێنرێت. دواجار بە هۆی گرفتی وەرگێڕان و فرە زاراوەیی لە زمانی کوردیدا، ئێمە هەر زاراوەی (پاراتێکست) مان بەکارهێناوە، چونکە پێمان وایە هیچ یەکێک لەو زاراوانە نەیتوانیووە، وەکو چەمکێکی ڕەخنەیی هەموو توخمەکانی پاراتێکست لە ڕووی واتاوە لەخۆ بگرێت.

## ٢-١ پاراتێکست وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی

زاراوەی پارتێکست یەکێکە لەو چەمکە نوێیانەی، کە لە ناو دنیای ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا بەکاردێت. هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بە چڕی باس لە گرنگی و ڕۆڵەکانی چەمکی پاراتێکست دەکەن لە شیکاری دەقی ئەدەبیدا،

بەو پێیەی بە گشت توخمەکانییەوە، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیدا. ئەم گرنگیدانەش وای کرد، چەمکی (کارلێکی دەق) بووروژێنرێت، کە وەک فەزایەک لە دەق دەڕوانێت، دواتریش گرنگی بە توخمەکانی ئەو فەزایە درا، کە خۆی لە پاراتێکستدا دەبینێتەوە. لە ڕابردوودا بە هۆی لێکۆڵینەوە چڕەکانی هەندێک لە تیۆریست و ڕەخنەگرانی وەک (جیرار جینێت، کلود دوشی، ڕۆبێرت شۆلز، لیۆ هۆک) و ئەوانی تر بایەخ بە چەمکی پاراتێکست درا. بە تایبەتی (جیرار جینێت). لە کتێبی (پالیمپسێست: ئەدەب لە پلەی دووەمدا Palimpsests: Literature in the Second Degree) دا، کە لە ساڵی (١٩٨٢) دا چاپ کراوە، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی دەربارەی پاراتێکست و توخمەکانی ئەنجامداوە ،کە تیایدا توانیویەتی ئەم چەمکە کۆنترۆڵ بکات و گرنگی تەواو بە دەق و پێکهاتەکانی بدات.

پاراتێکستەکانی دەقێک بە شێوەیەک کار دەکەن، کە ناتوانین بە وەرگرتنی تەنیا یەک توخم، هەموو کۆدەکانی دەقەکە بکەینەوە و بگەین بە ماهییەتی دەقەکە، هەروەک چۆن بۆ چوونە ناوماڵێک، سەرەتا پێویستە بە دەروازەی سەرەکی چوونە ژوورەوەدا تێپەڕ ببین، پاشان دەتوانین بچینە سنوور و چوارچێوەی ماڵەکەوە، بێگومان بۆ هەر ژوورێک و بۆ بینینی کەلوپەلەکانی دیسان دەرگاو بەربەستی دیکە دێنە ڕێگەمان، کە پێویست دەکات هەموو ئەو دەرگاو بەربەستانە تێبپەڕێنین بۆ ئەوەی بگەین، بە هەموو بەشەکانی ماڵەکەو جوانی و ڕازاوەیی و سەلیقەی ڕێکخستنی ماڵەکە ببینین. بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی دەقێک لە ڕووی پاشخانی ئەدەبی و مەعریفی و ئیستاتیکی و دەروونی و بنەماکانی دەقبوونەوە بپشکنین و کۆدەکانی شیی بکەینەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەو کردنەوەی هەموو ئەو توخمە پاراتێکستیانەی، کە نووسەر یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەکاری هێناون.

لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەدەبی لە دەقێک پێکدێت، کە ئەم دەقە بە دەگمەن لە دۆخێک دایە، بتوانێت بەبێ هاوڕێیەتی و هاوپێچی لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە توخمەکانی پاراتێکستدا، ناسنامەی دەقبوونی هەبێت. ئەمەش بۆ بەهێزکردن و پاڵپشتی کردنی دەقەکەیە. وەکو ناوی نووسەر، ناونیشان، پێشەکی، پێشکەشکردن، پاشکۆکان.. هەرچەندە ئەم توخمانە نابن بە دەقەکە، بەڵام بە جۆرێک دەوری دەق دەدەن، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی دەقەکە. بەم پێیە پاراتێکست ئەوەیە کە دەقێک بتوانێت ببێت بە کتێب و بەو شێوەیە پێشکەش بە خوێنەران بکرێت. بە پێی بۆچوونی (جیرار جینێت) پاراتێکست بریتییە لە: (ناونیشان، ناونیشانی بچووک،

ناونیشانە ناوخۆییەکان، دەروازە، پاشکۆ، پێشەکی، تێبینییەکانی خوارەوەی لاپەڕەکە یان لە کۆتاییدا، فۆنتەکان و وێنەکان،، شریتی نێوان لاپەڕە، کەڤەری دووەمی کتێب، جۆرەکانی تری ئاماژەی نووسراو، یان تەواوکەری دیکە، کە زەمینەیەکی لەبار بۆ دەقەکە دەڕەخسێنن) (البقاعی ١٩٩٨: 127). واتا پاراتێکست هەموو ئەو توخمە لاوەکییانە دەگرێتەوە، کە لەبارەی کتێبێکی چاپکراوەوە هەن و ناچنە ناو کرۆکی دەقەکەوە، بەڵکو سەربەخۆن و هاوکات تەواوکەری دەقە بنەڕەتییەکەن. پاراتێکست وەک چوارچێوەیەک و پەرژینێک دەوری دەقێک دەدات و درێژی دەکاتەوە و دەیخاتە بەردەم جیهانی خوێنەر، هاوکات ئەم توخمانەی پاراتێکست (یەکەم دەروازەن، کە ئارەزووی خوێنەر دەکەنەوە

بۆ ئەوەی بتوانێت بگات بە دەقەکە، لە زۆر حاڵەتدا بوونەتە پردێک کە خوێنەر بتوانێت بگات بە قووڵایی دەقەکەو لە نهێنی و ماناکانی تێ بگات) (بوعلاق ٢٠٢٠:١٥). پاراتێکستەکانی دەقێک دەتوانن یارمەتیدەر بن، بۆ دۆزینەوەی مەدلول و پەیامەکانی ناوەوەی دەق؛ چونکە گرنگیی ئەم توخمانە کەمتر نییە، لە جەستەی دەق و هەریەکەیان بە مەبەست و بە ئاگایی نووسەر یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەکارهاتوون.

پاراتێکستەکان لەگەڵ پرسیارە گشتیەکانی ئەدەبدا، وەک دامەزراوەیەکی کولتوری کارلێک دەکەن و ڕێنمایی خوێنەر دەکەن، بۆ هەنگاو نان بەرەوە قوڵاییەکانی دەق و گەیشتن بە مەدلولەکانی دەق، هاوکات دەبنە هاوتەریبی دەق و بەشێک لە دەسپێک و دەروازەی دەق پێکدەهێنن. لێرەشەوە خوێنەر کەمەندکیش دەکەن، بۆ چوونە ناو جیهانی نادیاری دەقەوە. (ئاستانەکانی دەق بریتین لە پێکهاتەی زمانەوانی و ئایکۆنی، کە پێش دەقەکان و دوای دەقەکانن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارگەلێک کە وەسفیان دەکەن، بە ناوەڕۆک و فۆرم و جۆرەکانی دەناسرێن و خوێنەران قەناعەت پێدەکەن بۆ بەدەستهێنانیان، لە دیارترین شتەکانی کە وەرگیراون، بریتین لە: ناوی نووسەر، ناونیشان، ئایکۆن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، پێشکەشکردن، بەرۆکی دەق و پێشەکی...) (الادريسي ٢٠١٥: ٢١). ئەمانە بە هۆی پێگەکەیانەوە هاوتەریب دەبن، لەگەڵ سروشتی دەقەکەداو بەشدارن

لە خوێندنەوەی پەیامەکانی دەقەکەدا، بە جۆرێک دەقەکە بەڕێوە دەبەن و هەوڵی چالاککردنی مەیلی خوێنەر، بۆ گەڕان بەدوای لێکچوونێک، لە نێوان دال و مەدلولەکانیاندا دەدەن. پاراتێکست (واتە لە لێواری شتێکدا، لە سنورەکەیدا، لە هەنگاوی یەکەمدا، بە مانای نە لەوێ بوون و نە لە دیوەکەی تریدا، لە سنوری وردی دوو دیاردەدا. دەتوانرێت پاراتێکستەکان وەک توخمێک دەرببڕدرێت کە تەواوکەری دەقی سەرەکییە لە چوارچێوەی پەیوەندییە ماناداراەکەیدا، لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. چونکە پاراتێکستەکان نە خودی دەقی سەرەکین و نە دەقێکی تەواو جیاوازن، بەڵکو پارچە نووسینێکی بچووکن لە چوارچێوەکەیدا کە هاوڕێی دەقی سەرەکین و دەوری دەدەن و پەیوەندییەکی نزیک هەیە لە نێوانیاندا)(Aksöz 2018:32) واتا ئەوان ئەو توخمانەن، کە لەسەر سنوری دەقەکەدان، لە ناوەوە و لە هەمان کاتدا لە دەرەوەی دەقەکەدا بوونیان هەیە و بە شێوەیەک پەیوەستن پێیەوە، کە مافی دەستوەردانیان هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا، تا ئەو ڕادەیەی کە دەگەنە پلەی دیاریکردنی سەربەخۆیی خۆیان و بە شێوەیەک لێی جیا دەبنەوە، کە ڕێگە نادەن بە بێ ئەم توخمانە خودی دەق، وەک پێکهاتەیەکی سەربەخۆ کار بکات و ماناکەی بەرهەم بهێنێت. واتا ئەم توخمانە دەبنە پاشکۆی دەق و بەشدارن لە بونیادنانی مەدلولە شاراوەکانی دەقدا. جگە لەم پاراتێکستە زارەکییانە (زۆرێک لە بڵاوکراوەکان پاراتێکسی نازارەکی لە شێوەی وێنەدا لەخۆ دەگرن، وەک وێنە، خشتە، هێڵکاری، دیزاینی بەرگ، هاوکات ئەم توخمانەش وەکو: فۆنت، پەرەگراف، و شێوازی داڕشتن، کەم و زۆر کاریگەرییان هەیە لەسەر خوێنەر) (Ekinci 2023: 48). هەریەکە لەمانە بەشێکن لە دەقەکەو بە جۆرێک لە جۆرەکان نوێنەرایەتی ناوەڕۆکەکەی دەکەن. پاراتێکست ((بە واتای دەقێک، کە پێوەندداره بە دەقە بنەڕەتییەکەوە، وەکو: پێشەکی، ناونیشان، ئەو وتارانەی لە بارەی دەقەکەوە دەنووسرێن..)) (مەنتک ٢٠١٧: ٤٥). کەواتا پاراتێکستەکان کە

لە ناوچە پێناسە نەکراوەکاندا هەڵکەوتوون، دەرگایەکن ڕێگە بە خوێنەر دەدەن، هەنگاو بنێتە نێو جیهانی دەقەکەوە یاخود دەربچن لێی. دەتوانین بڵێین پاراتێکست لە پێناسە گشتییەکەیدا ئاماژەیە بۆ ئەو توخمانەی کە دەقێک بتوانێت ببێت بە کتێب و پێشکەشی خوێنەر بکرێت.

(بە بڕوای جینێت هەر توخمێکی پاراتێکست توانای تێگەیشتنێکی باشتر دەدات بە دەقەکە، کە دەوری دەقەکە دەدات و فراوانی دەکات، دەروازەیەکە بۆ ئاسان چوونە ژوورەوە بۆ ناو دەقەکە، یان ناوچەیەکی تایبەتە لە نێوان دەق و توخمەکانی دەرەوەی دەقدا) (Can 2023: 171). واتا یەکخستنی دوو پێکهاتەی جیاواز بە یەکەوە، کە بریتین لە (توخمەکانی پاراتێکست و دەق)، ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ پرسیارکردن و تێگەیشتن، لە سروشتی دەق و ڕەهەندە نادیارەکانی دەق لای خوێنەر. واتا پاراتێکست دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان خوێنەر و دەقدا. لە لایەکی دیکەوە وامان لێ دەکەن، بە دوای ئەو پەیوەندیانەدا بگەڕێین، کە دەبن بە کلیل بۆ کردنەوەی کۆدەکانی دەق و تێگەیشتن لە ڕەهەندە جیاوازەکانی دەق. ئەمەش لە پشکنینی سەرەتای دەقەکەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی. کەواتە پاراتێکست پرۆسەکانی پێش دەق دەگرێتەوە، کە هۆکارێکی گرنگە بۆ خوێندنەوەی دەق؛ چونکە یەکەمجار سەرنجی خوێنەر دەکەوێتە سەر ناونیشانی دەق و ناوی نووسەر و دیزاینی بەرگ و وێنە و.. ئەمانە هەموو پێکەوە خوێنەر بەرەو ناوەوەی دەق دەبەن. (هەر توخمێکی پاراتێکست کە بە شێوەیەکی فیزیکی بە دەقەوە گرێدراوە، لێکدانەوەیەک بۆ دەقەکە لەخۆ دەگرێت، یان دەقەکە دەخاتە بەردەم خوێنەرو کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردن بە دەقەکە دەبێت. کاتێک لەم ڕوانگەیەوە سەیری پاراتێکستەکان دەکەین و لێی نزیک دەبینەوە، دەبینین توخمەکانی پاراتێکست تەنیا تا ئەو ڕادەیە بەشێک لە پاراتێکستی دەقێک پێکدەهێنن، کە یەکێک لەو ئەرکانەی سەرەوە ئەنجام دەدەن، واتە سەرنج دەخەنە سەر دەقەکەو دەقەکە، دەخەنە بەردەم خوێنەرو کاریگەرییان هەیە لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی دەقەکە) (Ekinci 2023:48)).
ئەم توخمانە وەک تۆڕێکی دەرەکی دەوری دەق دەدەن و هاوڕێیەتی دەکەن، بە جۆرێک کە بتوانرێت بە پێی بۆچوونەکانی نووسەر یان بە پێی ڕێبازێکی دیاریکراو گفتوگۆ لەسەر مەدلولەکانی دەق بکرێت. بەم جۆرە دەبینین پاراتێکست ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی هەیە،لە خوێندنەوەو ناساندن و دەوڵەمەند کردنی دەقەکاندا. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ژمارە یان پێکهاتنی توخمە پاراتێکستییەکان لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازەو دەگۆڕێن.

### ٢-١ : پاراتێکستی بەرۆکی دەق

بەرۆکی دەق وتەیەکە یان وەرگیراوێکە، نووسەر لەسەر بەرهەمەکەی بەکاری دەهێنێت، لە سەرەتای کتێبەکە و لە دوای لاپەڕەی ناونیشان، واتا پێش ناوەڕۆک و جەستەی بەرهەمەکە دەردەکەوێت. بە گشتی بەرۆکی دەق وتەی نووسەر نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دەقەکەدا هەیە و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە دەکات، هاوتەریبە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا. (جیرار جینێت) پێناسەی بەرۆکی دەق دەکات، بەوەی (وەرگیراوێکە بە گشتی لە سەر کتێبەکە یان لە بەشێکیدا (فەسڵ) دەردەکەوێت) (بلعاد ٢٠٠٨: 107). لە بنەڕەتدا جۆرێک لە ناسنامەی بەرهەمەکە دەردەخات، وەک نەخشی هەڵکۆڵراو، یان وەک ملوانکەیەک بە بەرۆکی

دەقەکەدا هەڵدەواسرێت. بەرۆکی دەق وەرگیراوێکی شایستە و گونجاوە، کە بیرۆکەیەک یان حیکمەتێک لە خۆ دەگرێت. بەو پێیەی ئەرکی پوختکردنی هەیە بۆیە؛ بە کورتی و لە یەک ڕستەدا ئاماژە بە کتێبەکە دەکات، (بە گشتی هەندێک لە نووسەران بەرۆکی دەق وەک پێشەکییەک بۆ دەق بەکاردەهێنن، کە ڕێگەیەکە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و تێگەیشتن لە کرۆکی دەقەکە و لەو بیرۆکەیەی، کە نووسەر ئاماژەی پێکردووە. دەشێت بەرۆکی دەق ئایکۆنێک بێت، یان وێنە و نەخشاندن و جۆرێک لە هەڵکۆڵین بێت) (بلعاد ٢٠٠٨:107).

پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە چاپی یەکەمی بەرهەمەکەدا دەردەکەوێت، هەندێکجار لە چاپەکانی دواتردا، بە بڕیاری نووسەر، یان کەمتەرخەمی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە نامێنن، یان دەگۆڕدرێن. شوێنی بنەڕەتی دەرکەوتنی بەرۆکی دەقیش بە زۆری لە لاپەڕەی یەکەمدا، دوای پێشکەشکردن و پێش پێشەکی دەردەکەوێت. لە شێوازی کۆندا بەرۆکی دەق لە لاپەڕەی ناونیشان و لەسەر بەرگ دەرکەوتووە، هەروەک (جینێت)یش ئاماژەی پێکردووە، بەڵام لە ئێستادا ئەم شێوازە زۆر کەم بەکاردێت. بە گشتی بەرۆکی دەق لە دوو شوێندا دەردەکەوێت:-

یەکەم: بەرۆکی سەرەتای دەق/ ئەم جۆرە لە سەرەتای بەرهەمەکەدا دەنووسرێت، بۆ چالاککردنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە، واتا یارمەتیدەری پرۆسەی تێگەیشتن و بەستنەوەی پەیوەندی نێوان بەرۆکی دەقە، بە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمەی کە خوێنەر خەریکی خوێندنەوەیەتی.

دووەم: بەرۆکی کۆتایی دەق/ کە لە کۆتاییدا و لە دوای خوێندنەوەی دەقەکە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی لێکدانەوە و واتایەکی دیاریکراو، لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەرهەمەکە پێشکەش بە خوێنەر بکات، ئەم جۆرە بەرۆکی دەقە، بە دوا وشە دادەنرێت بۆ دەرچوون لە دەقەکە و وەکو واژۆی نووسەر وایە بۆ کۆتایی بەرهەمەکە (بلعاد ٢٠٠٨: ١٠٨).

سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی بەرۆکی دەقیش، پێویستە نووسەر ئاماژە بە ناوی نووسەر، یان ئەو سەرچاوەکەیە بکات، کە وتەکەی لێوەرگرتووە. هەروەها بەرۆکی دەق پێویستە لە نێوان کەوانەدا دابنرێت و بە فۆنتێکی جیاواز، لە فۆنتی بەرهەمەکە بنووسرێت، هەرچەندە تا ئێستا ئەم تەکنیکانە لە ڕێکەوتنەکانی نووسین و چاپکردندا، جێگیر نین و بە تەواوی پەیڕەو ناکرێن، بەڵام پەیڕەوکردنی کارێکی ئەکادیمی وهونەرییە.

- ئەرکەکانی بەرۆکی دەق: بەرۆکی دەق ساتێکی بێدەنگییە، تەنیا لێکدانەوە و ڕاڤەکردن دەتوانێت بیخاتە دۆخی خوێندنەوەوە، بۆ ئەوەی بێدەنگییەکی دەرببڕێت و چالاک بێت، (جیرار جینێت) چوار ئەرک بۆ بەرۆکی دەق دەستنیشان دەکات، دوو ئەرکی سەرەکییە و دووانەکەی دیکە ئەرکی لاوەکین، کە بریتین لەمانە:-

١- ئەرکی شرۆڤەکردنی ناونیشان(دەقی یەکەم): بەرۆکی دەق کاردەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ناونیشان، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ناونیشانەکە لەسەر بنەمای گریمانە بێت و ڕوون نەبێت، واتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی هێما و ناڕوونییەکان هەبێت. لێرەدا بەرۆکی دەق ئەرکی شرۆڤەکردنی ناونیشانی هەیە، هەندێکجار ئەم شرۆڤەکردنە یەکلاکەرەوەیە، هەندێکجاریش ڕۆڵی ڕوونکردنەوە دەبینێت. ئەمەش ئەو ئەرکەیە، کە بەرۆکی دەق گرنگی پێ دەدات، ئەم ئەرکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا زۆر بەکارهاتووە.

٢- ئەرکی شرۆڤەکردنی دەقەکە(دەقی دووەم): .ئەم ئەرکە زیاتر سیستەماتیک و ڕێکخراوە، بەو پێیەی لە چوارچێوەی واتا ڕاستەوخۆکانی دەقەکەدا، بیرۆکەیەک دەربارەی دەقەکە و ناوەرۆکەکەی دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ڕوونتر بێت، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا هەیە.

٣- ئەرکی گەرەنتیکردنی ناڕاستەوخۆ: جینێت پێی وایە ئەم ئەرکە لاوەکی و ناڕاستەوخۆیە، بەو پێیەی پەیوەندی نێوان وەرگیراوەکە و دەق، یان ناونیشانەکە ناڕاستەوخۆیە، لێرەدا بەرۆکی دەق بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە نایەت، بەڵکو نووسەر ئەو وەرگیراوەی نووسەرێکی بەناوبانگ بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆی پێ بەناوبانگ بکات. لە ئێستادا ئەم شێوازە وەکو پێشووتر بەکارنایەت، بە هۆی خراپیی هەڵبژاردنیانەوە، لە ڕووی واتاو ناوەڕۆکی بەرهەمەکەوە، ئەمەش بکوژی دەقەکەیە و ناتوانێت خوێنەر بکاتە ئامانج.

٤- ئەرکی ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونی بەرۆکی دەق: جینێت پێی وایە، ئەم ئەرکە لاوەکییترینیانە، لێرەدا بەرۆکی دەق هیچ ئەرکێکی نییە، لە سادەترین ئەرک و پەیوەندیدا بەرۆکی دەق دەرخەری ناسنامەی ژانری ئەدەبی یان سەردەم، یان بیرو ئایدۆلۆژیای بەرهەمەکەیە، بەڵام لێرەدا جگە لە ئامادەبوونێکی سادە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ناونیشان یان ناوەڕۆکی دەقەکەوە نییە، بەڵکو تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن؛ ئەم کتێبە مەدالیای ڕۆشنبیری و زانستی لەسەر سنگی هەڵگرتووە. لە کۆتاییدا جینێت هۆشداری دەدات، لە دەرئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە بەرۆکی دەقانە، کە وەک ئامرازێکی ڕازاندنەوە و خۆ دزینەوە لەوەی، کە هیچ کاریگەرییەکی ڕۆشنبیری یان شارستانی نەبێت و بەکاربهێنرێت. چونکە هەڵبژاردن و ماناداری بەرۆکی دەق هەمیشە پلانێکی ئارەزوومەندانەو ڕێکەوت نییە، بەڵکو بەکارهێنانێکی ئەرکدارو خاوەن پەیامە. (بلعاد ٢٠٠٨: ١١١- ١١٢). بە گشتی ئەم چەند ئەرکەی (جیرار جینێت) دیاریکردووە، مەرج نییە لە چوارچێوەی بەرۆکی دەقێکدا، لە هەمان کاتدا هەر چوار ئەرکەکە ئامادەییان هەبێت، دەشێت یەک ئەرک یان دوو ئەرک ئامادەییان هەبێت.

## ٢-٢/ پاراتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)[١]دا

بە گشتی لە کۆی دوازدە ڕۆمانی (عەتا محەمەد) دا، پاراتێکستی بەرۆکی دەق تەنیا لە چوار ڕۆماندا ئامادەیی هەیە و توانیویەتی ئامانجی خۆی بپێکێت. واتا هەر لە سەرەتاوە توانیویەتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە بکات و شتێک لە بارەی ناوەڕۆکی دەقەکەوە، لە هزری خوێنەردا گەڵاڵە بکات. لێرەدا هەوڵدەدەین بەرۆکی دەقەکان، لە چوارچێوەی ڕۆمانەکاندا بخەینە ڕوو، هاوکات شرۆڤەیان بکەین:-

- لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)، نووسەر فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) هێناوەتەوەو بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: (لای موسڵمانان، وەک نووسەرەوانانی حەدیس دەیگێڕنەوە، خواوەند سێ جار پێدەکەنێت، یەکێک لەو جارانە ئەوەیە، کە بوخاری و موسلیم

١ : عەتا محەمەد لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ز شاری سلێمانییە، نووسەر و وەرگێڕە، یەکەم بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکێکە، بە ناوی (پاشماوەی خێڵەکان)، کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. تا ئێستا خاوەنی پازدە ڕۆمان و چەند کۆمەڵە چیرۆکێکە. عەتا محەمەد دانیشتووی سویدە، هەربۆیە کارەکتەری بەشێک لە ڕۆمانەکانی ئاوێتەیەکە، لە کەسایەتی بیانی و کەسایەتی کوردی، هاوکات ناوبراو خاوەنی شێوازێکی تایبەتی ژانری گێڕانەوەیەو لە بواری ڕۆمان و چیرۆکی کوردیدا جێ پەنجەی دیارە.

دەیگێڕنەوە... خودا بە دوو پیاو پێ دەکەنێت، کە یەکێکیان، یەکێکیان دەکوژێت، بەڵام هەردووکیان دەچنە بەهەشت. وتیان چۆن ئەی پەیامبەر؟ ئەویش وتی، یەکێکیان لە پێناوی خوادا دەجەنگێت و شەهید دەبێت، دواتر بکوژەکە ئیمان دەهێنێت و ئەویش لە پێناو خودادا دەجەنگێت و شەهید دەبێت) (محەمەد ٢٠١٦: ١). لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم فەرمودەیەدا، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت لە بەردەم دەقێکدایە، کە تیایدا (چەمکی پێکەنین) مەبەست و تێمای دەقەکەیە. لێرەدا بەرۆکی دەق ئەرکی شرۆڤەکردنی دەقەکە دەبینێت، بە هۆی ئەو پەیوەندییە، کە لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا هەیە و بیرۆکەیەک دەربارەی ناوەڕۆکی دەقەکە دەخاتە ڕوو. واتا چەمکی پێکەنین بووە بە پردی پەیوەندی، لە نێوان بەرۆکی دەق و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، هاوکات لەم ڕۆمانەدا پێکەنین ئامرازێکە، بۆ گەیاندنی پەیامە ڕەخنەییەکانی نووسەر، بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ و بەرجەستەکردنی هۆشیاری لای خوێنەر و دروستکردنی ڕای گشتی، لەسەر ئەو بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەی، کە نووسەر درکی پێکردووە.

– لە ڕۆمانی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک)دا، نووسەر چەند دەقێکی هەمە جۆری، بۆ بەرۆکی دەق بەکارهێناوە، کە بریتین لە (ئایەتێکی قورئانی پیرۆز، فەرمودەیەک، وتەیەکی شێخ جونەیدی بەغدادی[2]، وتەیەکی حەلاج، چوارینەیەکی خەیام، وتەیەکی دۆن کیشۆت[3]). هەموو ئەمانەش جگە لە (وتەکەی شێخ جونەیدی بەغدادی و وتەکەی حەلاج)، گوزارشت لە یەک شت دەکەن، ئەویش دیاریکردنی قەدەری مرۆڤە لە ژیاندا، واتا مرۆڤ دەستەوەستانە لە بەردەم گۆڕینی قەدەریدا و پێشتر هەمووی لە چارەنووسیدا نووسراوە، ئەمەش لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لە چەندین شوێندا و لە زاری کەسێتییەکانەوە باسی دیاریکردنی قەدەری مرۆڤ دەکات، لەوانە: (ئەو شەوە سلێمان ئەوەندە تێگەیشت، هەموو دەیانوت، "چارە نیە... قەدەرە و لە چارەمان نووسراوە") (محەمەد٢٠١٦ :١١٠). لە شوێنێکی تردا، نووسەر لە زاری سلێمانەوە دەڵێت: ( میرم، ئەوەی من دەیزانم، هیچ بەهایەکی نیە بۆ ئێوە، چونکە چارەنووسەکان لە پێش منەوە دیاریکراون. لەبەر ئەوە، هەوڵ مەدە لێی هەڵبییت)(محەمەد ٢٠١٦ : ٩٧). ئەمانە و چەندانی دیکە، کە ئاماژە بە چارەنووس دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرۆکی دەقەوە هەیە. کەواتا لێرەدا پاراتێکستی بەرۆکی دەق نوێنەرایەتی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەکات و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە دەکات. پاراتێکستی بەرۆکی دەق ئەرکی ڕوونکردنەوەی ناونیشانی سەرەکیی دەبینێت؛ چونکە ناونیشانی سەرەکی لەسەر بنەمای گرمانەیە و نا ڕوونییەکی تێدایە، بەڵام بەرۆکی دەق (ئایەتەکە، فەرمودەکە، چوارینەکەی خەیام، وتەکەی دۆن کیشۆت) توانیویانە ئەرکی شرۆڤە کردنی دەق بگرنە ئەستۆ. هەرچی دوو وتەکەی (حەلاج)ە، کە دەڵێت: (ان الله تحت جبتي..)(رآيت ربي بعين قلب فقلت من انت قال انت) ئەمەش پێچەوانەی بیرو بۆچوونی زانایانی یەکتاپەرستە و پێمان وایە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەوە نیە، تەنیا گوزارشت لە نزیکایەتی و یەکێتی بوون

---

٢ : هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە؛ ئەم وتەیە هی(حەلاجی مەنسور)ە و پەیوەندی بە(شێخ جونەید)ی بەغدادییەوە نیە، چونکە شێخ جونەید زانایەکی سونە مەزهەب و سۆفییەکی یەکتاپەرست بووە. (سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت).

٣ : دۆن کیشۆت، کەسێتی سەرەکییە لە ڕۆمانێکدا، بە ناوی(دۆن کیشۆت) کە بەرهەمی نووسەری ئیسپانی (سێرڤانتێس)ە، کە تیایدا دۆن کیشۆت دەیەوێت،ستەم و نادادی لەناوبەرێت و دادپەروەری بەرقەرار بکات. ڕۆمانەکە بەشی یەکەمی ساڵی ١٦٠٥ز بڵاوکراوەتەوە.

( سەرچاوە: سایتی ئینتەرنێت).

دەکات لەگەڵ خودادا، ئەمەش پێچەوانەی بیرو بۆچوونی زانایانی یەکتاپەرستە.

– لە هەمان ڕۆماندا و لە ژێر ناونیشانە ناوخۆییەکاندا، لە دوو شوێنی جیاوازدا بەرۆکی دەق ئامادەیی هەیە و توانیویەتی زانیارییەک، لە بارەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە، پێشکەش بە خوێنەر بکات. یەکەم: لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی، (بەرەو ڕابردوو)دا بەرۆکی دەق وتەیەکی (ولیام بلیک)[4]ە، کە دەڵێت: (شاری قابیل بە خوێنی مرۆڤ دروست کرا، نەک بە خوێنی گا و بزن)(محەمەد ٢٠١٦ : ٤٩). لەم بەشەی ڕۆمانەکەدا، بە شێوەی خەیاڵ و ڕیالیزمی سیحری، کەسێتی (سلێمان) دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی شاری سلێمانی. لێرەدا نووسەر بە زمانێکی ناڕاستەوخۆی ئەدەبی، گوزارشت لە مێژووی پڕ لە ململانێ و شەڕی خێڵەکی و شەڕی براکان و دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی دەکات: (چاوەڕوانی دەکرد، تا بەدەم ڕێگاوە بەسەرهاتی ئەو دوو خێڵەی بۆ بگێڕێتەوە، ساڵانێک لەوەوبەر لەسەر وەرینی سەگێک تا یەکتر بڕانەوە، دەستەویەخە شەڕیان کردو ئەو ڕۆژەیان پڕ کرد لە هاواری ژن و کرووزانەوەی کچان و چەقینی خەنجەرەکان لەسەر دڵ و ناڵەی بریندارن.)(محەمەد ٢٠١٦: ٥٤). کەواتا پاراتێکستی بەرۆکی دەق، توانیویەتی هاوتەریب لەگەڵ ناونیشانە ناوخۆییەکەدا، نوێنەرایەتی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە بکەن و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە بکەن. دووەمیش لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی (ئەفسانەی براکان)دا، هەروەک نووسەر ئاماژەی پێکردووە، وتەیەکی لە (گەشتەکەی ڕیچ)ەوە وەرگرتووە و کردوویەتی بە بەرۆکی ئەو ناونیشانە ناوخۆییەدا: (سەرانی میرنشینی بابان لە بەردەم مەولانا خالیددا بە "قورئان و تەلاق و شمشێر" سوێندیان خوارد، کە خیانەت لە یەکتر نەکەن....)(محەمەد٢٠١٦: ٩٧). لێرەدا بەرۆکی دەق لەگەڵ ناونیشانە ناوخۆییەکەدا، شتێک لە بارەی ئەو بەشەی ڕۆمانەکەوە بە خوێنەر دەڵێن، ئەویش پەیمان شکاندنی سەرانی میرنشینەکە و شەڕی براکان و نەبوونی تەبایی و یەک ڕیزییە، کە ئەمەش لەو بەشەی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەر لە ڕێگەی شەجەرە نامەیەکەوە، بە شێوازی ئەندێشەیی و ڕیالیزمی سیحریی بنەچەی بنەماڵەی بابانەکان دەخاتە ڕوو، لەگەڵ مێژووی پڕ لە کێشەو ململانێی ئەم بنەماڵەیەدا، پاشان لەم شەڕانەدا ئاماژە بە شەڕی لە مێژینەی نێوان میرنشینە کوردییەکان و ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویش دەکات. بە گشتی لێرەدا پاراتێکستی بەرۆکی دەق ڕۆڵی شرۆڤە کردنی ئەو بەشەی ڕۆمانەکە دەبینێت و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاراستە دەکات.

– لە ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)دا، نووسەر کۆپلە شیعرێکی (ئازاد صوبحی) کردووە بە بەرۆکی دەق، کە گوزارشت لە ئازادبوونی مرۆڤ و داماڵینی لە ناوەکەی دەکات و دەڵێت:

ئەمەوێ یاری بەم قورە بکەم
چی لەم قورە بکەم
کە ناومی لەسەر نووسراوە
ئەمەوێ ناوی خۆم ورد و خاش بکەم )
ئازاد صوبحی درەختێک لە بەرد)

خودی ڕۆمانەکە دەرخستنی چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی، کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیرە، کە هەوڵدەدەن میراتی ئەدەبی وڵاتەکەیان بپارێزن و بیگوێزنەوە بۆ نەوەکانی ئایندە. ئەم کەسانە بیر لە ناوبانگ ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان، لە

٤ : ولیام بلیک(١٧٥٧– ١٨٢٧ز)، شاعیر و وێنەکێشێکی سەردەمی ڕۆمانتیکی ئینگلیزە و خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبیی و وێنەی هونەرییە. سەرچاوە ئینتەرنێت.

ترسی (نازی) یەکان و هاوشێوەکانیان بپارێزن. لە بەشێک لە ڕۆمانەکەدا دەکەوینە بەردەم ئەو نووسەرانەی، کە لە دوای نووسینی یەکەم کتێبیان لە لایەن دەزگا سیخورییەکانەوە، کە نووسەر بە (چەتەکانی خەیاڵ) ناوزەدیان دەکات دەکوژرێن، لەگەڵ ناوهێنانی نمونەی چەند نووسەرێکی جیهانی، نووسەر نمونەی (جەمال عیرفان[5] و عەبدولخالق مەعرووف[٦])یش دەهێنێتەوە. هەروەها نووسەر لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا لە ژێر ناونیشانی ناوخۆیی: (منیش دڵنیانیم ئەوەی دەژی، منم یاخود ناوەکەمە؟) دا، لە زاری کەسێتی (شێرکۆ)وە، کە باسی نازناوی شاعیرانی کورد بۆ هاوڕێکەی دەکات، کە چۆن لەبەر خۆپارێزی بە ناوی خوازراوەوە شیعرەکانیان بڵاو کردووەتەوە، نووسەر پێی وایە؛ ئەگەر (نالی) ئەو نووسەرە بێت کە (مەلا خدر) دروستی کردووە، ئەوا (مەلا محەمەدی بەڵخی) دوو جار نووسەرێکی لە ناخیدا هەڵگرتووە، چونکە ناوبراو یەکەم جار نازناوی (مەشوی) هەڵبژاردووە و دواتر بە نازناوی (مەحوی) خۆی ناساندووە. نووسەر پێی وایە ئەوەی دەمێنێتەوە، ناوەکانمانە نەک خۆمان، هەروەک لە زاری کەسێتی شێرکۆوە دەڵێت: (سەلاحەدینی ئەیوبی (١١٣٨ – ١١٩٣) ٥٥ ساڵ ژیاوە، بەڵام ناوەکەی، تا ئێستا نزیکەی ٨٢٠ ساڵە دەژی... ئەو کەسەی لە ساڵی ٣٩٩ی پێش زایینیدا ژەهرەکەی خواردەوە، بۆ هەتا هەتایە مرد، بەڵام تا ئێستا سوکرات لەگەڵماندا دەژی) (محەمەد ٢٠١٩: ٢٥). بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا، ئەو پرسیارە فەلسەفییە قووڵە لای خوێنەر دەوروژێت، ئایا ئەوەی کە دەژی خۆمانین یان ناوەکانمان؟ تا کۆتایی ڕۆمانەکەش ئەم پرسیارە هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بەردەوام دەبێت. لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا نووسەر جیاواز لە هەموو ڕۆماننووسانی دیکە، دوو پەڕەی سپی بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت، بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەری ناوەکان، ڕۆڵ و بەردەوامی بە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە ببەخشن و لەوێدا بینووسن، ئەمەش بەشداری پێکردنی خوێنەرە لە پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی دەقدا. بە گشتی پێمان وایە؛ لێرەدا بەرۆکی دەق توانیویەتی نوێنەرایەتی مەبەستی ڕۆمانەکە بکات، بەڵام لە بەر ئەوەی پاراتێکستی ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکە، هاوتەریب نیە لەگەڵ کۆی ڕۆمانەکەدا، بۆیە پاراتێکستی بەرۆکی دەق بە تەنیا نەیتوانییوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەرجەستە بکات.

– لە ڕۆمانی (پاسەوانانی خودا، مێژوویەکی تر

٥ : جەمال عیرفان لە ساڵی ١٨٨١ز لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە و پاشان چووەتە قوتابخانەی (ڕوشدیە)، دواتریش لە بەغدا ئامادەیی سەربازی تەواو کردووە. پاشان لە ئیستەمبوڵ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە. دواتر گەڕاوەتەوە سلێمانی و ئەفسەر بووە، هەروەها ئەندامی مەجلیسی ئیدارەی سلێمانی بووە، لە پاڵ کارە ئیدارییەکانیدا لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) نووسینی بڵاوکردووتەوە. لە ڕۆژی ١٢/ ١٢/ ١٩٢٣ز تیرۆر کرا. هۆکاری تیرۆر کردنەکەشی ڕوون نییە، هەندێک پییان وابووە، لەبەر بیرە پێشکەوتنخوازییەکانی تیرۆر کراوە، ئەمەش بە یەکەم تیرۆری سیاسی کورد دادەنرێت.

٦ : عەبدولخالق مەعروف، لە ساڵی ١٩٣٥ز لە گوندی(سەید عوبێد)ی ناحیەی دیبەگەی سەر بە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٤ز بە مەبەستی خوێندن دەچێتە زانکۆی (ئەزهەر) لە میصر، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەتی خوێندن تەواو ناکات و دەگەڕێتەوە. پاشان لە بەغدا خوێندنی ئاینی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٥٦ز بۆ ماوەیەک ( ئیمام تابوور) بووە لە سوپای عێراق. لە هەمان ساڵدا چووەتە پاڵ ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر لەگەڵ شۆڕشدا ماوەتەوە. دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. لە ساڵی ١٩٧١ز لەلایەن شۆڕشەوە نێردراوە بۆ (چیکسلۆفاکیا) بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی دیبلۆم، لە بواری ئامێرو ئامرازە ئەلیکترۆنییەکاندا. دوای تەواو کردنی خوێندن ساڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و دوکانێک دادەنێت. لەو سەردەمەدا دوکانەکەی بووتە جێگای کۆبوونەوەی نووسەران و ڕۆشنبیران. پێش تیرۆرکردنی کتێبێک چاپ و بڵاو دەکاتەوە، بە ناوی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردیدا)، ئەم کتێبە بووە مایەی نیگەرانی بەشێک لە مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی، کە پێیان وابوو ناوبراو لە ئاین دەرچووە، هەندێک پێیان وایە هەر ئەم کتێبەش بووە هۆی ئەوەی، کە لە بەرواری ١٠/ ٤/ ١٩٨٥ز لە نزیک مەڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر تیرۆر بکرێت.

بۆ بینینی خۆمان)، نووسەر كۆپلە شیعرێكی كورتی شاعیری ئیسپانی(فیرناندۆ ڤالڤێردە)ی كردووە بە بەرۆكی دەق. كە دەڵێت:

ئەمە جیهانی ئێمە نییە

لە توانادا بوو خەون بە شوێنێكی ترەوە ببینین

نە شەهید و نە خواوەندی تیا بێت! (شاعیری ئیسپانی، فێرناندۆ ڤالڤێردە)

هەروەك لە واتای دێڕەكاندا دیارە، شاعیرە ئیسپانییەكە ڕازی نییە بەم جیهانە واقیعییە و خەون و خۆزگە بە دنیایەكی دیكەوە دەبینێت، دنیایەك كە تیایدا (شەهید و خواوەند)، ئامادەییان نەبێت. بەسەرنجدان لە ناوەركی ڕۆمانەكە، دەتوانین بڵێین بەرۆكی دەق تا ئاستێكی باش توانیویەتی نوێنەرایەتی ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە بكات، چونكە نووسەر لە چەندین شوێنی ڕۆمانەكەدا، بە دیدێكی ڕەخنەییەوە پرسی بیری توندڕەوی ئاینی دەخاتە ڕوو، كە هەڵگرانی ئەم بیرە، هەوڵدەدەن بەناوی خودا و بەدەستهێنانی بەهەشت و شەهید بوونەوە، گەنجان فریو بدەن و كاری توندڕەوی ئەنجام بدەن. نووسەر لە گێڕانەوەی ڕووداوێكی خۆكوژیدا، لە فرۆكەخانەیەكی (برۆكسل)،بە سوود وەرگرتن لە ڕیالیزمی سیحری. دەڵێت: (دەنگی تەقینەوەیك هات و هۆڵەكە لە دووكەڵدا ون بوو... كۆمەڵێك كەسی خوێناوی لەسەر زەوی كەوتبوون و بریندارەكانیش بە ڕەنگی بزركاوەوە دەیاننالاند .... مردووەكان لەسەخۆ بۆ لای یەك چوون، ئەوەش كە خۆی تەقاندبووەوە، بە دەم خۆ تەكاندنەوە بەرەو لایان هات...یەكێكی تر سەیری لەشی خوێناوی خۆی دەكرد، كە لەسەر زەوییەكە كەوتبوو. سەیری ئەو كەسەی كرد، كە خۆی تەقاندبووەوە و وتی، "تۆ بوویت؟" ئەویش بە هێواشی وتی، " دەبێت هەموو پاسەوانێكی خودا لە پێناو خودادا ئەو كارە بكات" (محەمەد ٢٠١٩: ٢١١- ٢١٢). وەك لە ڕۆمانەكەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەی نووسەر مەبەستییەتی خودا نییە، بەڵكو ئەو ئایدۆلۆژیا توندڕەوییەیە، كە بارگاوییە بە بیری ئاینی و حوكمی تەكفیركردنی خەڵك دەدات.

لە لایەكی دیكەوە نووسەر بەراوردی وێنەیەكی ڕۆژهەڵات دەكات، لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا: (بە دەم سەیركردنی دیمەنی پەنابەرەكانەوە، ڕێبوار بیری لە ڕۆژهەڵاتی ناو كتێبەكان، ڕۆژهەڵاتی ناو ئەندێشەی ڕۆژئاواییەكان دەكردەوە، ڕۆژهەڵاتی گەڕیدەكان، كە لە سەفەرەكانیاندا باسیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆحانیەت و عەشق و بۆنی بخورد... دەكرد، كە ئێستا هەمووان لێی هەڵدێن. موسڵ لە پشت خۆیانەوە جێدەهێڵن، هەڵدێن و ئاور لە بازاڕی فرۆشتنی كچان و ژنانی ئێزیدی لە شاری ڕەققە نادەنەوە) (محەمەد: ٢٠١٩، ٢٧). ئەمەش جەخت لەوە دەكاتەوە، كە مێژوو ڕۆڵ و كاریگەرییەكی زۆری هەیە لەسەر شوێنەكان. دەشێت لە سەردەمانێكدا شوێنێك جێگەی ژیان و لە سەردەمێكی دیكەدا مرۆڤ لێی هەڵبێت و نەتوانێت لێی بژی. ڕۆژهەڵات سەردەمانێك جیگای ڕۆحانییەت و عەشق بووە، خاوەنی یاساكانی حامورابی و عەشتار بووە، بەڵام ئێستا بووەتە جێگەی شەڕو ململانێی گرووپ و تاقمە توندڕەوەكان. هەموو ئەمانەش بە سوود وەرگرتن لە چەمكی خوداو شەهیدەوە سەچاوەی گرتووە. بۆیە پێمانوایە پاراتێكستی بەرۆكی دەق، توانیویەتی هەر لە سەرەتاوە بیرۆكەیەكمان لەسەر ناوەڕۆكی دەقەكە لەلا گەڵاڵە بكات. لە ڕووی ئەركیشەوە پاراتێكستی بەرۆكی دەق، توانیویەتی ئەركی شرۆڤە كردنی دەقەكە بگرێتە ئەستۆ، ئەم ئەركەش لە چوارچێوەی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندییەدایە، كە لە نێوان بەرۆكی دەق و ناوەڕۆكی دەقەكەدا بەرجەستە بووە.

## ئەنجام

عەتا محەمەد لە چەند ڕۆمانێکدا، پاڕاتێکستی بەرۆکی دەقی بەکارهێناوە و ئاماژەی بە ناوی نووسەر یان ئەو سەرچاوەیە کردووە، کە لێوەی وەریگرتووە. بە گشتی لەو ڕۆمانانەی(عەتا محەمەد) دا، کە پاڕاتێکستی بەرۆکی دەقی تێدا بەکارهێناوە، بەرۆکی دەق توانیویەتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە بکات و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ناوەڕۆکی دەقەکە ببەخشێت. وەکو لە ڕۆمانەکانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت، ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان، پاسەوانانی خودا) دەبینرێت. لە ڕۆمانی(ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک) دا، نووسەر شەش بەرۆکی دەقی بەکارهێناوە، لە ئایەت و فەرموودە و وتەی زانایان و چوارینە، لەوانە دوانیان نەیانتوانییوە گوزارشت لە ناوەڕۆکی دەقەکە بکەن و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاڕاستە بکەن. بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد) دا لەو جۆرەیە، کە لە سەرەتای بەرهەمەکەدا، واتا پێش پێڕست و دوای پێشکەشکردن دەنووسرێت، ئەمەش بۆ چالاککردنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و بەستنەوەی پەیوەندی نێوان بەرۆکی دەقە، بە ناوەڕۆکی بەرهەمەکەوە، بەڵام لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت)، بەرۆکی دەق فەرموودەیەکی درێژی پێغەمبەرە (د.خ)، کەوتووەتە دوای (پێشکەش کردن و پێڕست) ەوە.ئەمەش هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. پاڕاتێکستی بەرۆکی دەق لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا، لە پاڵ ئەرکەکانی خۆیدا توانیویەتی بەهای ئیستاتیکی و مەعریفی و خۆی دەربخات و پردێکی پەیوەندی بێت، لە نێوان دەق و خوێنەردا، بە جۆرێک هەر لە سەرەتاوە خوێنەر.

## سەرچاوەکان:


بە زمانی کوردی- ئەحمە، ملکۆ (٢٠٢١)، پاڕاتێکست لە کۆشیعری (سووتانی بەفر)) ڕامان، ژ.(٢٨٣/ ٢٨٤)، هەولێر.

– ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٥)، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، کتێبی دووەم، و: بابایی مەسعود.. هەولێر: ، چاپی یەکەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما.

– بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر- بەرزنجی- د. عەلی تاهیر (٢٠٢٤)، کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە. چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

– خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩)، سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعە)دا، چاپی یەکەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .

– سەجادی، د. بەختیار (٢٠٢٢)، فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، چاپی سێیەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی .

– لەتیف، حسێن (٢٠١٦)، تیۆری دەقئاوێزانی ئەدەبی ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە و چامەی کۆچ) بە نموونە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی کارۆ .

– محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠١٨)، لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە .

– محەمەد، عەتا (٢٠١٦)، خواجە نەسرەدین کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چیرۆکی ئەو کوژراوەی لە هەمووومان دەچێت)، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە .

– محەمەد، عەتا (٢٠١٦)، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (لە بەشە نادیارەکانی سەفەری دوایەمین نەوەی ئەفسانە)،چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

– محەمەد، عەتا (٢٠١٩)، پاسەوانانی خودا (مێژوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان)، چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

– محەمەد، عەتا(٢٠١٩)، رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان(عەبدولخالق خەونی بە کتێبێکی ترەوە دەبینی) چاپی دووەم، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

– مەنتک, محەمەد (٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای ناونیشان، ناونیشانی رۆمانی کوردی بە نمونە. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی رۆشنبیری .

– عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٤)، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح. ب، کامەران)، تێزی دکتۆرا: بەشی کوردی، سکولی زمان، زانکۆی سلێمان.

به عەرەبی

– الادريس، يوسف (٢٠١٥)، عتبات النص في التراث العربي والخطاب النقدي المعاصر، الطبعة الاولى، بيروت، الدار العربية للعلوم ناشرون .

– البقاعی، د. محمد خير(١٩٩٨)، دراسات في النص والتناصية، الطبعة الاولى، حلب، مركز الانماء الحضاري

– بلعاد، عبد الحق (٢٠٠٨)، عتبات (جيرار جينيت من النص الى المناص) الطبعة الاولى، الجزائر: الدار العربية للعلوم ناشرون.

– بنيس، د. محمد (١٩٨٩)، الشعر العربي الحديث، بنيايه وابدالاتها التقليدية، ط١، الدار البيضاء دار توبقال للنشر،

– القاضي، اشراف محمد(٢٠١٠)، معجم السرديات. الطبعة الاولى، لبنان، دار محمد على للنشر.

– بوعلاق، يونس ميلودي (٢٠٢٠)سيميائية العتبات النصية في الرواية النسوية العربية/ روايتي" بغداد وقد انتصف الليل فيها لحياة الرايس" و "كذبة ابريل لسمر المقرن" انموذجا. رسالة ماجستير، الجزائر: قسم الادب واللغة العربية، كلية الاداب واللغات، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادي.

البقاعي، محمد خير(١٩٩٦)، أزمة المصطلح في النقد الروائي العربي، مجلة الفكر العربي، السنة ١٧، العدد ٨٣، بيروت.

زاوي, آ/ لعموري(٢٠٠٥)، في تلقي المصطلح النقدي الاجرائي، مجلة الاثر، عدد ٩، الجزائر.

به فارسی

مطلق, بهمن نامور(١٣٨٦)، ترامتنيت." پژوهشنامه، علوم انسان، شماره ٥٦ (پژوهشنامه علوم انسانی، شماره ٥٦).

٤- به زمانی تورکی:

– Aksöz, Munise.(2018) "YANMATiN(PARATEXTE) NE-DiR? METiN ÇEVRESiNDEKi YAZILI ÖĞELER(PERITEXTE)NELEDiR." Turkish Studies, Ankara

– Can, Dr. Sağlam. (2023)"PARATEXT VE ROMAN: HÜSEYİN RAHMİ GÜRPINAR'IN KOKOTLAR MEKTEBİ ÖN SÖZÜ ÜZERİNE BİR İNCELEME,." Türkbilig

– Ekinci, Mehtap.(2023) Mark Twaının tom Sawyerın Maceraları ROmanının Türkçeye ilk ve Yeniden Çevirilerinde Yanmetinsellik Eşiği. Ankara, :

## ملخص:

الباراتكست مفهوم نقدي استخدمه وطوره الكاتب والناقد الفرنسي (جيرار جينيت). ويشمل جميع العناصر التي تحيط بالنص وتقدم للقارئ في إطار كتاب، مثل: اسم المؤلف، العنوان الرئيسي، العنوان الداخلي، التصدير، المقدمة، الإهداء، الهوامش. لذا؛ فإن عناصر الباراتكست لها دورها وأهميتها في تعريف القارئ بالنص وإلمامه به، ولا يمكن لأي عمل أن يصبح كتابا ويقدم للقارئ بدون عناصر الباراتكست. هذه الدراسة بعنوان: (باراتكست عتبة النص في روايات عطا محمد)، هي محاولة لتعريف التصدير وتطبيقها، وفقا لرؤية (جيرار جينيت) لمفهوم الباراتكست، بهدف إبراز وظيفة وأهمية باراتكست التصدير، الذي يقدم للقارئ فكرة أولية عن محتوى النص ورسالته منذ البداية.
الكلمات المفتاحية: باراتكست، التصدير، روايـة، أفق توقعات القارئ، عطا محمد.

## Abstract:

Para text is a critical concept coined and developed by the French author and critic Gérard Genette. It encompasses all the elements surrounding a text that are presented to the reader within the framework of a book, such as: the author's name, main title, internal titles, epigraphs, forewords, dedications, and footnotes. Therefore, paratextual elements play a significant role in introducing and familiarizing the reader with the text, and no work can become a book and be presented to the reader without paratextual elements. This research, titled "The Para text of Epigraphs in Ata Mohammad's Novels," is an attempt to introduce and practically apply the concept of epigraphs according to Gérard Genette's view of Para text. The aim is to highlight the function and importance of the Para text of epigraphs, which, from the outset, provides the reader with an idea about the content and message of the text.

Keywords: Para text, Epigraph, Novel, Reader's Horizon of Expectation, Ata Mohammad